لەنیا بەختیار
یاریزانی پاسکیلسواریی یانەی نەورۆز:

# نەبوونی ڕێگای تایبەت بە پاسکیلسواری گەورەترین کێشەمانە



پارێزگای سلێمانی هەمیشە باشترین کچ و کوڕە یاریزانانی بەتوانای هەبووە لە یارییە جۆراوجۆرەکان و لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش ئەنجامی بەرچاویان هەبووە لە پاڵەوانیەتیەکان، تیپی پاسکیلسواری کچانی یانەی نەورۆزیش یەکێك لە باشترین تیپەکانی سەر ئاستی عێراقە، یەکێك لە کچە یاریزانانی بەتوانای شارەکەش لەنیا بەختیارە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری سلێمانییە و ئێستا یاریزانی پاسکیلسوارییە و جگە لە یانەی نەورۆزیش بۆ هیچ یانەیەکی دیکە یاری نەکردووە، بەڵام خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەل یانەکە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***ئاستی یاریی پاسکیلسواری لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- وەکو دەبینرێت، یاریی پاسکیلسواری لەئێستادا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا نییە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پاڵپشتی پێویست بۆ یارییەکە.

***ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تاچەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی یاریی پاسکیلسواری بەرەوپێش نەچێت؟**

-لە راستیدا کاریگەری هەیە، وەکو ئێستا ئێمەی سنووردار کردووە کە تەنیا دەتوانین لە پاڵەوانێتی کوردستان و عێراق بەشداری بکەین، ئەگەر پاڵەوانێتی دەرەوەی وڵات بکەین، بە دڵنیاییەوە ئاستمان بەرەوپێش دەچێت و ئەنجاممان باشتر دەبێت.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم یارییە بۆ ئاستی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

-پێویستە دایك و باوکان چۆن پاڵپشتی کوڕەکانیان دەکەن، ئەوهاش پاڵپشتی لە کچەکانیان بکەن و لەم رووەوە کۆمەڵگەش هەموو رۆڵی دایك و باوك ببینێ، جگە لەوەش پشتگیری بەردەوامی یانەکان و کردنەوەی خولی بەردەوام زۆر کاریگەر دەبن.

***گرفتی یاریی پاسکیلسواری زیاتر لە چیدا دەبینیت؟**

-نەبوونی رێگای تایبەت بە پاسکیلسواری گەورەترین کێشەمانە، چونکە رێگای راهێنانەکانمان زۆر مەترسیدارن.

***بە نیازی بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك چی بکەیت؟**

- بە دڵنیاییەوە لە بوارەکەی خۆم کە پاسکیلسوارییە بەرەوپێش بچم و هەوڵی زیاتری بۆ بدەم، بۆ ئەوەی ببەمە باشترین.

***لە چ وەرزشێك زیاتر خۆت بە سەرکەوتوو دەزانی؟**

- پاسکیلسواری باشترین وەرزشە بۆ من.

***تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-نەخێر، ئێمە وەکو هەر وڵاتێکی دیکە یاریزان و راهێنەری بەتوانا و سەرکەوتوومان هەیە، وەکو دەبینرێن.

***چۆن بوو یانەی نەورۆزت هەڵبژارد؟**

-ئەم یانەیە منی پێگەیاندووە لە سەرەتای وەرزشکاریمەوە، بۆیە سوپاسی راهێنەرەکەم کاپتن سیروان سامی و دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکەش دەکەم .

***خەونی وەرزشیت وەکو وەرزشوانێك چییە؟**

-بەدڵنیاییەوە خەونی من بەشداریکردنە لە پاڵەوانیەتییە جیهانیەکان و بەدەستهێنانی مەدالیای زێڕ.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-داواکارم زیاتر پشتگیریمان بکەن، هەم لە لایەنی دارایی و هەم لە لایەنی مەعنەوی بۆ ئەوەی زیاتر توانای خۆمان بەگەڕ بخەین بۆ وەرزشەکەمان.

***بەهیوای ئەوە نیت رۆژێك هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە بیت ؟**

-خەونی من بینینی دامەزراندنی هەڵبژاردەی کوردستانە و خۆیشم یەکێك بم لە یاریزانانی ئەو هەڵبژاردەیە.

***بەرنامەت بۆ وەرزشی پاسکیلسواری چییە؟**

-بەردەوام دەبم تاوەکو دەگەم بە خەونەکانم و ئاستی بەرزتر پێشکەش بکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی یاریزانان لە شارەکانی کوردستان.



## ڕاهێنەری مەدرید: بنزیمە دەبێتە گۆڵکاری سەرەکی یانەکەمان

جولیان لۆپیتیگی ڕاهێنەری نوێی ڕیاڵ مەدرید ڕایگەیاند، کەریم بنزیمای هێرشبەری یانەکەیان لە توانایدایە ٤٠ گۆڵ لەم وەرزەی خولی ئیسپانی تۆمار بکات و ڕیاڵ مەدرید بکاتە خاوەنی نازناوی لالیگا.

وتەکانی لۆپیتگی دوای ئەوە هات بنزیما لە یاری یانەکەی بەرانبەر لیگانیس توانی دوو گۆڵ تۆمار بکات و سەرکەوتن بۆ ڕیاڵ مەدرید بەدەستبێنێت.

بنزیما توانیویەتی لە سێ یاری سەرەتای خولەکە چوار گۆڵ تۆمار بکات و ببێتە گۆڵکاری خولەکە. ئەمەش لە کاتێکدایە بنزیما لە سەرجەم یارییەکانی وەرزی ڕابردوو تەنها ٥ گۆڵی تۆمارکرد و ڕەخنەی توندی لێدەگیرا لەلایەن هاندەرانەوە.

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی بنزیمایان گەڕاندوەتەوە بۆ ڕۆیشتنی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە یانەکە و ئەو متمانەیەی جولیان لوپیتگی ڕاهێنەر بە هێرشبەرە فەڕەنسیەکەی بەخشیوە.



## ڕۆناڵدینۆ: حەز دەکەم میسی ٢٠ساڵی تر لە یاریکردن بەردەوام بێت

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی، ڕۆناڵدینۆ ئەستێرەی پێشوی هەڵبژاردەی بەڕازیل و یانەی بەرشەلۆنە ڕایگەیاند: هیواخوازم میسی بەم شێوازەی ئێستا بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی دیکە لە یاریگاکان بەردەوام بێت، بۆ ئێمە و هەموو هەوادارانی تۆپی پێش دەمانەوێت ساڵانێکی زۆرتر میسی لە یاریگاکان ببینین.

ڕۆناڵدینۆ ئەوەشی خستوەتە ڕوو: پاش وازهێنانی میسی لە یاریکردن بۆ یانەی بەرشەلۆنە، پێویستە یانەکە ژمارە ١٠ نەدەن بە هیچ یاریزانێکی دیکە.

سەبارەت بەو ئاستەی لەگەڵ یانەی بەرشەلۆنە لە چەند ساڵی ڕابردوو پێشکەشی کردووە، ڕۆناڵدینۆ گوتی: بێ هیچ گومانێک، میسی باشترین یاریزانی مێژووی بەرشەلۆنەیە و هیچ یاریزانێکی دیکە بەو کارەی میسی هەڵنەستاوە.

لەبارەی ئاستی بەرشەلۆنەوە ڕۆناڵدینۆ باسی لەوەکردووە، یانەی بەرشەلۆنە خاوەنی باشترین یاریزانەکانی جیهانە و ئامانجی یەکەمی بردنەوەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە لەم وەرزەدا.



# مارکیزیۆ
# چووە خولی رووسی

یانەی زێنیت سانت پێترسبێرگی رووسی بەشێوەیەکی فەرمی گواستنەوەی کلاودیۆ مارکیزیۆ، یاریزانی پێشووی یانەی یوڤێنتوسی بۆ ریزەکانی راگەیاند.

یانە رووسییەکە گواستنەوەی یاریزانەکە لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی بڵاوکردووە، دوای ئەوەی لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا یاریزانەکە لە یوڤێنتوس رۆیشت.


ماڵپەری فۆتبۆل ئیتاڵیا رایگەیاندووە، گرێبەستی کلاودیۆ مارکیزیۆ لەگەڵ یانەی زینیت بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت، لەگەڵ یانەکە بەشداری لە رکابەرییەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات.

مارکیزیۆ لە ١٩٨٦-١-١٩ دایکبووەوە و لە یانەی یوڤێنتوس ٣٨٩ یاریی ئەنجامداوە، ٣٧ گۆڵی تۆمارکردووە و ٤٧ ئاسیستی هەبووە.

مارکیزیۆ حەوت جار لەگەڵ یوڤێ بووەتە پاڵەوانی ئیتاڵیا، جارێک خولی پلە دووی ئیتاڵیای بردووەتەوە، سێ جامی سوپەری ئیتاڵیا و چوار جامی ئیتاڵیای بردووەتەوە و لەگەڵ یانەکە دووجار لە یاریی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا یارییکردووە.




# راهێنەری بەرشلۆنە نیگەرانە لە تیروپشکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا



دوای راکێشانی تیروپشکی قۆناغی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، راهێنەرەکەی بەرشلۆنە پێیوایە یانەکەی لە قورسترین کۆمەڵەی پاڵەوانێتیەکەدایە.

بەپێی تیروپشکەکە بەرشلۆنە لەگەڵ هەریەک لە ئایندهۆڤن-ی هۆڵەندی، تۆتنهامی ئینگلیزی و ئینتەرمیلانی ئیتاڵی لە چوارچێوەی کۆمەڵەی دووەم یاریدەکەن.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی ئێرنستۆ ڤاڵڤێردی راهێنەری بەرشلۆنە رایگەیاندووە، کۆمەڵەکەیان قورسە و زۆرترین ئاڵۆزی تێدایە.

ئەوەشی گوتووە: ئەو سێ یانەیەی لە کۆمەڵەکەدان ئاستیان بەرزە و کۆمەڵەکە سەرنجراکێشە، بەڵام ئێمە هەموو هەوڵێک بۆ سەرکەوتن دەدەین.

ڤاڵڤێردی لەسەر ئاستی هەر سێ یانەکە بۆ رۆژنامەکە دواوەو ئاماژەی بەوەداوە، تۆتنهام یەکێک لە یانە ئینگلیزییە ئاست بەرزەکانە و خاوەن توانایەکی مادی و هونەری باڵایە و یەکێک لە رکابەرە بەهێزەکانمانە، ئایندهۆڤنیش یەکێکە لەو یانانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لە قۆناغی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکان ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووە.

راهێنەرەکەی بلاوگرانا لەسەر ئاستی یانە ئیتاڵیەکەش بە رۆژنامە ئیسپانیەکەی گوتووە: یانەی ئینتەرمیلان لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێکە بەشداری پاڵەوانێتیەکەی نەکردووە بەڵام خاوەنی راهێنەرێکی زۆر باشە، لەسەر ئاستی تەکتیکیش رکابەرێکی بەهێزمانە و سەرکەوتن بەسەریاندا هەروا ئاسان نابێت.

لە کۆتایی قسەکانیدا بۆ رۆژنامەکە ڤاڵڤێردی ئەوەی خستووەتەروو، بەرێوەچوونی یاری یەکەم و کۆتایی کۆمەڵەکە لە یاریگای بەرشلۆنەدا تا رادەیەک گەرەنتی ئەوەیان پێدەدات کە بتوانن سەربکەون بۆ قۆناغی دووەم، داواش لە هاندەرانی یانەکە دەکات لە یاریگادا ئامادە بن و پشتیوانیان لێبکەن.

# کوردێکی شاری هەولێر بووە یەکەمی جیهان

یونس جەمال یاریزانی یانەی شەقڵاوە و هەڵبژاردەی کوردستان لە وڵاتی ئەڵمانیا بە ناوی کوردستان بە شداری لە پاڵەوانێتی کیك بۆکسێنگی جیهانی کردو توانی ئەنجامێکی گەورە بۆ کوردستان و کورد بەدەست بهێنێ و وەکو یاریزانێکی کوردیش توانی بۆ یەکەمجار ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنێ. لەبارەی بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامەش یونس جەمال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ یەکەمجارە من وەکو کوڕە کوردێك بەشداری ئەو پاڵەوانیەتییە دەکەم، هەرچەندە من لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێم، بەڵام لەگەڵ یاریزانەکانی تر بە ناوی هەڵبژاردەی کوردستان بەشداریم کرد لە پاڵەوانیەتی کیك بۆکسێنگی جیهانی و توانیم لە کێشی ٧٥کگم و لە نێو ٢٥ وڵاتی بەشداربوو توانیم پلەی یەکەم و ئەنجامە گەورەیە بەدەست بهێنم، شانازیش دەکەم کە وەکو کوڕە کوردێك کە پێشووتر لە یانەی شەقڵاوە یاریم کردووە، ئەو ئەنجامە گەورەیە بەدەست بهێنم، هەوڵیش دەدەم باشترین ئەنجام لە پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوو بەدەست بهێنم.»



# هەولێر گرێبەستی بەشێک لـ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر دوای سەرکەوتنەوەی بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی، ئەمساڵ دەیەوێ جیاواز لە ساڵانی رابردوو هەر لە ئێستاوە دەست بە نوێکردنەوەی گرێبەستەکان و هێنانی یاریزانانی تازە بکات بۆ ریزی پێکهاتەی یانەکە کە ماوەی چەند رۆژێکە مەشقی یانەکە بە سەرپەرشتی راهێنەر عیماد عۆدە دەستی پێکردووە، هەولێرییەکان نایانەوێ وەکو ساڵانی رابردوو بە گرفتەوە بچنە نێو خولە گەورەکەی عێراق، دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕی لە رێگای سەرمایەدارێك گرێبەستی تایگۆی بەڕازیلی نوێ کردەوەو بەشێك لە یاریزانە کوردەکانیش گرێبەستیان لەگەڵ تیپەکە تازە کردەوە، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە دەستمان بە ئامادەکارییەکانمان کردووە بۆ وەرزی نوێی خولەکە، ئێستا جگە لە هێنانی چەند یاریزانێکی عەرەب، گرێبەستمان لەگەڵ تایگۆی بەڕازیلی نوێ کردۆتەوە کە سەرجەم مەسروفاتی ئەو یاریزانە کەوتە سەر شانی کاك پێشڕەو



## ـــــە یاریزانانی نوێ دەکاتەوە

مەجید ئاغا، بە سوپاسەوە ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی خۆی، تاکو ئەم وەرزە کۆتایی دێت.» گوتیشی: «گرێبەستمان لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (کۆسرەت بایز، بارزان شێرزاد، حەیدەر قارەمان، تالیب رەقیب، دیار یاخی، رێباز عەبدوڵا، نەوزاد عەبدولحەمید) کردووە، بەنیازی ئەوەشین لە رۆژانی داهاتوو گرێبەستی زیاتریش نوێ بکەینەوە، ئێمە بە فەرمی لەگەڵ ئەو یاریزانانە رێککەوتووین، جگە لەوەش میران خەسرۆ یاریزانی پێشووی یانەکە لە یانەی شیمالی قەتەری گەڕاوەتەوە یانەکە و گرێبەستمان لەگەڵی کردووە، دەشمانەوێ جیاواز بین و یاریزانی کوردی بەتوانا لە ریزی یانەکەمان کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی ئەم وەرزە لە خولی نایابی عێراقی بتوانین شتێك بە شتێك بکەین، ماوەی خولی عێراقیش زۆری نەماوە دەست پێ بکات، بۆیە دەمانەوێ خۆمان رێکبخەینەوە و بە بەهێزەوە بچینە نێو یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی عێراقی.»




## یاریزانێکی دەڤەری ئاکرێ چاوی لە هەڵبژاردەی عێراقە



خەسرۆ محەمەد ئەمین یاریزانی کوردی یانەی هەندرێنە و خەڵکی دەڤەری ئاکرێیە و ئەمساڵیش بەهۆی پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز لە خولی کوردستان رووی لە یانەی هەولێر کرد بۆ یاریکردن لە خولی عێراقی، لە دوای ئەوەش بەشێوەی خواستن رووی لە یانەی کەرخ کردو ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد، ئێستاش ناوبراو لە هەوڵی ئەوەیە بچێتە یەکێك لە یانەکانی شاری بەغدا بۆ ئەوەی یاری بۆ ئەوان بکات و لەوێشەوە هەنگاو بۆ هەڵبژاردەی عێراق بهاوێت، لەم بارەشەوە خەسرۆ محەمەد ئەمین یاریزانی پێشووی یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەهۆی ئەو چەند یارییەی لە خولی پاڵاوتنی سەرکەوتن بۆ خولی عێراقی لەگەڵ یانەی کەرخ ئەنجامم دا، هەریەك لە یانەی کەرخ و زەورا بەفەرمی داوای یاریکردنیان لەمن کردووە و رەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا پەیوەندی بە یەکێك لەم یانانە بکەم. هەردوو یانە بەهیوای ئەوەن من یاری بۆ ئەوان بکەم و بە فەرمیش گرێبەستیان پێشکەش کردووم، لە ماوەی رابردووش یاریی منیان بینیوە، بۆیە ئەوان سوورن لە سەر گواستنەوەم.» گوتیشی: «من بەخۆم حەزم لە خولی عێراقییە بۆ ئەوەی بتوانم لە رێگای ئەم خولەوە بگەمە هەڵبژاردەی عێراق، وەکو یاریزانێکی کوردیش درەفەتی ئەوەم هەبێ ئاستی راستەقینەی خۆم پێشکەش بکەم.» لەبارەی خولی کوردستانیش گوتی: «زیاتر لە چوار یانە پێیان گوتووم بۆ یاریکردن لە خولی نایابی کوردستان، بەڵام هیوای من خولی عێراقە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانم دەربکەوم لە وەرزی نوێی خولەکە.» لە بارەی یانەی هەولێریش گوتی: «من حەزم دەکرد بۆ یانەی هەولێر یاری بکەم، بەڵام ئەوان هەر وەڵامیان نەبوو، خولی عێراقیش نزیك بۆتەوە، بۆیە دەمەوێت بچمە خولی عێراقی».